# پشدەر لە هاوڕێنامە

## هاوڕێ باخەوان

گەڕان بەدوای: (پشدەر)دا
هاوڕێنامە [63] تۆماری دۆزییەوە.

844- شەلماناسەری دووەمی پادشای ئاشوور، هێرشی کردە سەر نێوچەی پشدەر، نامری، سەرۆکی پشدەر خۆی نەدا بەدەستەوە و یاخیی کێوەکان بوو. (194)
سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی - کورد و کوردستان - جلد 1-2-3 - چاپخانەی دار السلامی بەغداد - 1931 - ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد، لە چاپی داوەتەوە - (جلدی یەکەم). لاپەڕە: 88
سەرچاوەی 2, پەڕتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی - کۆمەڵناسی کوردەواری - بەرگی یەکەم - چاپخانەی ئەلحەوادیس - بەغداد - 1992. لاپەڕە: 58

1900 لەم ساڵەدا، بابەکر ئاغای پشدەری خاوەنی هەزار چەکدار بووە. (1890)
سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: مارتین فان بڕونەسن - ئاغا و شێخ و دەوڵەت - کوردۆ، لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی - بەرگی یەکەم - چاپخانەی ڕۆژ - سوید - 1996. لاپەڕە: 215

1922 بەهاری ئەم ساڵ: ڕوودانی شەڕێك لە نێوان پێشمەرگەکانی کورد و ئینگلیزەکاندا لە دەربەندی ڕەمکان - پشدەر، کە زیانێکی زۆریان لە داگیرکەران داو چەندین تەرم و بریندارایان لە دەشتی بتوێن دا بەجێهێشت و بەهۆیەوە لە هەردوو شارۆچکەی ڕانیە و کۆیەشدا پاشەکشەیان کرد. (2640)
سەرچاوەی 1, پەڕتووکی عەرەبی: جلال الطالباني - اغد و ديمقراطي و حرمان شعب حتى من حق الحلم؟ - من منشورات الاتحاد الوطني الكردستاني - مركز ئه ركى نوى الثقافي - 1989. لاپەڕە: 52

1922-08-00 هێزەکانی د.ت، چوونە نێوچەکانی باکووری شارۆچکەی ڕانیەی باشوورەوە. (2675)
سەرچاوەی 1, پەڕتووکی عەرەبی: د. عزيز الحاج - القضية الكردية - بغداد - 1985. لاپەڕە: 46

1924-09-03 بۆ یارمەتیدانی د.ق، لە دژی شێخ مەحموود، د.ا بە 300 سەربازی پیادە و 700 سوارەوە هێرشیان کردە سەر نێوچەکانی پشدەر، پاش شەڕێکی قورس ئێرانییەکان کشانەوە و چەند سەد کەسێکیشیان لێ کوژراو، 15 سەربازیشیان لێ بە دیل گیرا و تۆپێکیشیان لێ بەجێما. (2791)
سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا - مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا - وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی - چاپی یەکەم - چاپخانەی کارون - تاران - 1369ی هەتاوی. لاپەڕە: 180

1937 د.ق بەتەواوەتی دەستی گەیشتە نێوچەکانی ڕانیە و دەستەڵاتی خۆیی تێدا دامەزراندن و بنکەیەکی پۆلیسی لە گوندی گەناو کردەوە. (3271)
سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد - گەشتی ژیانم - چاپی یەکەم - ستۆکهۆڵم - 1992. لاپەڕە: 438

1945 دوورخستنەوەی نووسەر محەمەد تۆفیق وەردی بۆ قەڵادزێ لەلایەن د.ق. (7431)
سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك Kurdistan TV

1952 فەوزی سائیب، بووە قایمقامی ڕانیە. (3766)
سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد - گەشتی ژیانم - چاپی یەکەم - ستۆکهۆڵم - 1992. لاپەڕە: 176

1959 کۆتایی بەهاری ئەم ساڵ: بەهۆی فشاری ڕژێمی عەبدولکەریم قاسمەوە، نزیکەی 14 هەزار کەس بووەنە پەناهاندە لە ئێران و 4 هەزاریش بۆ تورکیا، ئەمانە زۆربەیان ئەو هۆز و سەرۆك هۆزانە بوون کە لەگەڵ بارزانییەکاندا ناتەبا بوون لەوانە، داود جافی برازای وەسمان پاشا، عەلی بەگ و هۆزی شەرەفبەیانی، تاڵەبانییەکانی کەرکوك بە سەرۆکایەتیی شێخ نەجمەدین، بنەماڵەی شێخ مەحموودی بەرزنجی، حەمە ڕەشید خان، بابەکر ئاغای پشدەری، عەلیی حەسەن ئاغای مەنگور، شێخ عوسمانی بیارە، شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی، فەتاح بەگی هەرکی، مەحموود خەلیفەی برادۆستی، شێخ ڕەشیدی لەولان و شێخ محەمەدی زێباری کە بە 4 هەزار کەسەوە پەنای بۆ تورکەکان برد. (3973)

1963-02-28 بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە شاری قەڵادزێدا ڕایگەیاند، کە ڕازی نەبووە لەسەر چوونی جەلال تاڵەبانی بۆ میسر و هەروەها گووتی ئەگەر ڕژێمی نوێ مافی ئۆتۆنۆمی نەداتە کورد ئەوا من سەربەخۆیی کوردستان ڕادەگەیەنم. (4159)
سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا - مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا - وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی -

چاپی یەکەم - چاپخانەی کارون - تاران - 1369ی هەتاوی. لاپەڕە: 358

1964 بەستنی دووەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حدکا لە گوندی سونێی نزیك شارۆچکەی قەڵادزێی باشوور. (4193)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار طاهر شریف - الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیة في نصف قرن 1908 - 1958 - الطبعة الاولی - شرکة المعرفة للنشر و التوزیع - بغداد 1989. لاپەڕە: 278

1964-07-01 بەستنی شەشەمین کۆنگرەی پدك بە سەرکردایەتیی بارزانی لە شاری ڕانیە، کە 900 ئەندام بەشداریی تێدا کرد، لەو کۆنگرەیەدا بارزانی کرایەوە سەرۆکی پارت و حەبیب کەریمیش کرایە سکرتێر. (4214)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا - مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا - وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی - چاپی یەکەم - چاپخانەی کارون - تاران - 1369ی هەتاوی. لاپەڕە: 387
سەرچاوەی 2, پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری - بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ - پرسیار و وەڵام - لە بڵاوکراوەکانی پدك - هاوینەهەواری پیرمام - هەولێر - 1995. لاپەڕە: 13

1970-03-00 شەهیدکردنی مەلا حوسەین مارەشانی ناسراو بە کاوە، لە شاری قەڵادزێ بە دەستی حەمەدەمین جەوانمەردی، نێوبراو ئەندامی حدکا بوو. (4384)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی - 50 ساڵ خەبات - کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - بەرگی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان - بێ بەروار. لاپەڕە: 141

1970-06-00 حدکا، بنکەکانی خۆیی لە بەکرەجۆ و قەڵادزێوە بۆ هیران و نازەنین گواستەوە. (4394)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی - 50 ساڵ خەبات - کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - بەرگی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان - بێ بەروار. لاپەڕە: 156

1972 پاییزی ئەمساڵ: نارنجۆکێك گیرایە ماڵی کەریم حەداد لە قەڵادزێ، ئەم ماڵە شوێنی حەوانەوەی کادرەکانی حدکا بوو. حدکا پێی وایە کە ئەمە کاری پارتییە، نارنجۆکەکە نەتەقییەوە. (4456)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی - لە بیرەوەرییەکانم، 1970 - 1975 - بەرگی چوارەم - ستۆکهۆڵم - 1990. لاپەڕە: 107

1973-02-00 بۆ دووەم جار نارنجۆکێکی تر فڕێدرایە نێو ماڵی کەریم حەدادەوە لە قەڵادزێ، ئەم ماڵە شوێنی حەوانەوەی ئەندامانی حدکا بوو. (4496)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی - لە بیرەوەرییەکانم، 1970 - 1975 - بەرگی چوارەم - ستۆکهۆڵم - 1990. لاپەڕە: 108

1973-05-08 گیرانی 3 ئەندامی حدکا بە نێوی مەلا ڕەحمانی فاتیحی، سەید حەمەد و هۆمەرە سووتاو لەلایەن حەسۆی میرخانەوە، لە نێوچەی پشدەر. (4500)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی - لە بیرەوەرییەکانم، 1970 - 1975 - بەرگی چوارەم - ستۆکهۆڵم - 1990. لاپەڕە: 129

1973-05-20 حدکا نامەیەکی ناڕەزایی بۆ پارتی نارد، چونکە 3 ئەندامی حدکا، لەلایەن حەسۆی میرخانەوە لە پشدەر گیرابوون. (4501)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی - لە بیرەوەرییەکانم، 1970 - 1975 - بەرگی چوارەم - ستۆکهۆڵم - 1990. لاپەڕە: 128

1973-12-02 کۆچی دوایی هۆزانەوان مەمەند ئاغای فانی لە مەرگەی نزیك قەڵادزێ. (4518)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: دوکتۆر مارف خەزنەدار - لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بریتییە لە چواردە لێکۆڵینەوە - بەغداد - چاپخانەی الموسسه العراقیه للدعایه و التباعه - 1984. لاپەڕە: 54

1974-04-24 بۆردومانکردنی شارۆچکەی قەڵادزێ لەلایەن فڕۆکەکانی ئێراقی داگیرکەرەوە، کە بووە هۆی وێرانکردنی شارەکە و هەروەها کوژران و برینداربوونی سەدان کەس لە خەڵکی کورد، نێوی هەندێك لەو شەهیدانە ئەمانەن: هونەرکاری گۆرانی بێژ -؟، بورهان عەبدوڵڵا شاسوار، هەروەها لە بریندارەکانیش، هونەرکاری گۆرانی بێژ - چیمەن .... - کە قاچێکی پەری. (4554)

1974-08-19 داگیرکردنەوەی شاری قەڵادزێ لەلایەن د.ق. (4563)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا - مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا - وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی - چاپی یەکەم - چاپخانەی کارون - تاران - 1369ی هەتاوی. لاپەڕە: 466

1978 زستانی ئەم ساڵ: گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی ینك لە نێوچەی خواکورکەوە بۆ نێوچەی قەڵادزێی باشووری کوردستان. (4752)

سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976-1980 - بەشی یەکەم - چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین - 1993. لاپەڕە: 115

1978-04-19 بەڕێکەوتنی نزیکەی 1000 پێشمەرگەی یەکێتی بە سەرکردەکانیانەوە لە نێوچەکانی سلێمانی و قەڵادزێوە بۆ نێوچەی بادینان و لەوێوە هەندێکیان بۆ هەکاری، کە لە ئەنجامدا شەڕی هەکاری یان کارەساتی هەکاری پاش دوو مانگ ڕوویدا و سەدان پێشمەرگەی تێداچوو و ژمارەیەکی زۆریش یان دیلکران یان خۆیاندایە دەست د.ق. (4769)
سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین - لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 - 1978 - ئەڵمانیا - 1997. لاپەڕە: 269

1978-11-09 هێرشی داگیرکەری ئێراقی بۆ نێوچەی شێنێی نزیك قەڵادزێ کە بنکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لێبوو، لەو هێرشەدا دوژمن هەزاران سەرباز و جاش و سەدان تانك و تۆپ و فڕۆکەی بەکارهێنا، بەرامبەر 600 - 700 پێشمەرگە. ئێرانیش هاوکارییەکی باشی سوپای ئێراقی کرد لەو هێرشەدا بەڵام لە ئەنجامدا دوژمن شکێنرا و گەلێك دەستکەوتیش هەبوو، زیانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەنها دوو بریندار بوو. (4784)
سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976-1980 - بەشی یەکەم - چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین - 1993. لاپەڕە: 136

1982-04-24 بەبۆنەی یادی بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێوە لە ساڵی 1974 دا، خەڵکی شاری قەلادزێ خۆپیشاندانێکیان لە دژی ڕژێم سازکرد، ئەو خۆپیشاندانە دواتر لە نێوچەکانی ڕانیە و سلێمانی و کۆیە و چوارقوڕنە و هەولێریش سازدرا، کە زۆرترینی خوێندکارانی کورد پێی هەڵستان. (5013)
سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە: 53

1983 بەهاری ئەم ساڵ: گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی ینك بە هۆی جەنگی ئێراق - ئێرانەوە بۆ گوندی باوزێی نێوچەی قەڵادزێ. (5038)
سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە: 218

1989-06-25 ڕاگوازتنی شارۆچکەی قەڵادزێ و نێوچەی پشدەری باشوور لەلایەن ڕژێمی ئێراقەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان. (5344)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1991-03-05 پاش ڕاپەڕینەکەی ئێراق، جەماوەری ئۆردوگای حاجیاوا و شاری ڕانیە هێرشیان کردە سەر دام و دەزگاکانی د.ق و شارەکەیان ڕزگارکرد، بەو شێوەیە ڕانیە بووە خاڵی گەشە و بڵاوبوونەوەی ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان، تاوەکو زۆربەی ئۆردوگا زۆرەملێکان و شار و شارۆچکەکانی تری گرتەوە. (5411)
سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان - لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان - چاپی یەکەم - هۆڵندا - 1994. لاپەڕە: 30

1991-03-11 گەڕانەوەی مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا و هەندێك لە بەرپرسیارانی تر لە قاسمە ڕەشەوە بۆ ڕانیە. (5415)
سەرچاوەی 1, پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری - بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ - پرسیار و وەڵام - لە بڵاوکراوەکانی پدك - هاوینەهەواری پیرمام - هەولێر - 1995. لاپەڕە: 30

1991-09-00 تەقینەوەی لۆرییەکی مینکراو لای قولەی ڕانیەی باشوورەوە کە بووە هۆی کوشتنی 6 کەس و 17 کەسیشی بریندار کرد. (5468)
سەرچاوەی 1, هاوڕێنامە هاوڕێنامە

1993-05-12 ڕژێمی ئێران نزیکەی سەد هەزار سەرباز و 500 تانکی لەسەر سنووری باشووری کوردستان مۆڵدا و نێوچەکانی پێنجوێن و قەڵادزێ و ڕانیەی گرت. (5666)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1993-05-22 ئەمڕۆ و سبەینێ 23-05، شەڕێك لە نێوان جووتیاران و ئاغاکانی نێوچەی قەڵادزێ دا ڕوویدا، کە 17 کەس کوژرا و 21 کەسیش بریندار بوو. (5669)

1993-09-18 ئەمڕۆ و سبەینێ: د.ا تۆپبارانی گوندەکانی ناوچەکانی قەڵادزێ و پێنجوێنی کرد. (6791)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری - کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان - 1975 - 2000 - کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

1993-12-19 ناشتنی تەرمی هیوا ڕانیەیی، کە ئەندامی ب.ئیسلامی بوو و لەلایەن ینك کوژرابوو، سەدان کەس لە کفری

بەشداریی ناشتنەکەیی کرد، لە ئەنجامدا ینك ڕێڕۆیشتنەکەیی بەر دەستریژدا و یەکێك لە ئەندامانی ب.ئیسلامی کوژرا و یەکێکی تریش بریندار بوو، هێزەکانی ب.ئیسلامیش پەلاماری بنکەی ینك دا لە کفری و بووە هۆی کوشتنی چوار کەسیان و گرتنی بارەگاکە و دیلکردنی دەیان ئەندامی یەکێتی. (5763)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 118

1993-12-19 پێکدادانەکانی ینك و ب.ئیسلامی لە ڕانیە، کە بووە هۆی کوشتنی 6 کەس لە ینك. (5766)
سەرچاوەی 1, بەیان و بڵاوکراوەی عەرەبی: بيان من الاتحاد الوطني الكردستاني حول الاحداث الاخيرة في كردستان العراق - 0-12-1993.

1993-12-19 گیرانی 5 ئەندامی بەرزی ینك، لەلایەن ب. ئیسلامییەوە لە شاری ڕانیە، پاشان گوللە باران کران. کە ئەمانە نێوەکانیانە، محەمەد سوڵتان، عەلی مام قادر، سەلمان فەخری، بەختیار محەمەد مەجید و مستەفا حەسەن، شایانی باسە کە تەرمەکانیان بە دوای ئوتومبیلدا بە شەقامەکانی شاری ڕانیەدا ڕاکێشان. (5765)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 127

1993-12-20 هێرشی ب. ئیسلامی، بۆسەر بنکەی کۆمیتەی ڕانیەی ینك، لە ئەنجامدا ژمارەیەکیان لێ کوشتن و بنکەکەش گیرا. (5768)
سەرچاوەی 1, بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بڵاوکراوە: بۆ ئەوەی هەموو لایەك ملکەچی یاسا بن - ینك، مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە - 29-12-1993.

1993-12-21 هێرشی ینك بۆسەر بارەگاکانی پ.ئیسلامی لە نێوچەکانی ڕەواندز، شەقڵاوا، هەریر و دیانا، ب.ئیسلامیش هێرشی کردە سەر بارەگاکانی ینك لە نێوچەکانی قەڵادزێ، حاجیاوا و چوارقورنە، کە بەهۆیەوە ماوەیەك ڕێگای نێوان سلێمانی و هەولێر داخرا. (5770)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 118

1994-03-00 بۆردومانکردنی چوار گوندی نێوچەی ڕانیەی باشوور لەلایەن ئێرانەوە. (5833)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994-05-01 دەستپێکردنی شەڕی براکوژی لە نێوان هێزەکانی ینك و پدك لە شاری قەڵادزێ، کە تاوەکو مانگی ئاب - ئۆگەستی هەمان ساڵ بەردەوام بوو. (5879)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994-05-02 ڕوودانی شەڕی قەڵادزێ، لە نێوان ینك و پدك. (5880)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994-05-02 هێزەکانی یەکێتی لە قەڵادزێ، 19 کەسی پارتییان بە دیل گرت و پاشان گوللە بارانیان کردن، کە یەکێك لەوانە عەلیی حەسۆی میرخان بوو، نێوبراو پاش کوژرانی بە دوای ئوتومبیلدا لە شەقامەکانی قەڵادزێدا ڕایان دەکێشا، ئەمەش نێوی هەندێکی تریانە، حەمەد عەبدوڵڵا ساڵح، ئەمیر عەبدوڵڵا ساڵح، خورشید ئەحمەد، محێدین لەشکریانی، خانۆ مەجید وەلی، فەخری حەمەد ئیبراهیم خان،.... (5882)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 143

1994-05-02 هێرشی یەکێتی بۆسەر بارەگاکانی پارتی لە شاری ڕانیە، کە لە ئەنجامدا دەستیان گرت بەسەر بارەگاکانیاندا و دوانیان پاش دیلکردن، گوولە باران کردن، کە ئەمە نێوەکانیانە، ئەحمەد ساڵح بەگ - لێپرسراوی لکی ڕانیە، ئازاد محەمەد قادر. (5883)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 144

1994-05-17 ئەمڕۆ و سبەینێ 18-05، نۆزدە فڕۆکەی تورکی نێوچەی قەڵادزێ یان بۆردومان کرد کە بنکەکانی پککی لێیە و 58 کەسی کوشت. (5895)
سەرچاوەی 1, ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

1994-06-07 لە نێوچەی قەڵادزێ شەڕێکی گەورە لە نێوان ینك و ب.ئیسلامیدا ڕوویدا کە ینك 76 تەرمی لە گۆرەپانی شەڕەکەدا جێهێشت. (5910)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994-08-00 پێکدادانی ینك و پدك لە نێوچەکانی قەڵادزێ و شەقڵاوا. (5930)

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994-08-00 پاسداری ڕژێمی ئێران و ب.ئیسلامی، شاری قەڵادزێیان گرت و ینك یش شارەکەی تۆپ باران کرد. (5931)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994-08-06 ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان ینك و پدك، لە شاری قەڵادزێ، ئەم شەڕە لەسەر ناکۆکیی نێوان جوتیار و ئاغاکان بوو. (5939)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-03-21 لەم ڕۆژی نەورۆزەدا، تورك هەر لەسەر هێرشەکەی بەردەرامە و 200 کەسیان کوشتووە و نەتەوە یەکگرتووەکان ، بە تورکیای گوتووە کە دەبێت لەم هێرشەدا جیاوازیی چەکداری پکك و خەڵکی سادە بکرێت ... فڕۆکەی تورك گوندی پڵنگانی لای شارۆچکەی ڕانیەی بۆمباران کردو کچێکی 5 ساڵەی کوشت... و ئەو کوردانەشی کەلە باکوورەوە بۆ باشوور ڕایان کردبوو، لەشکری تورك بەزیندانی دەیاننێرێتەوە بۆ تورکیا... (6082)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1996-07-10 د.ت، نیوچەکانی دۆڵە ڕەقە و بۆتیی بە فڕۆکە بۆمباران کرد، شایانی باسە بووە هۆی وێرانبوونی چەند خانوویەك و بریندارپوونی چەند هاووڵاتییەکیش، ئەو گوندانە سەربە نێوچەی ڕانیەن و بنکەکانی پکك ی لێیە. (6350)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی - حزك - ژ220 - هەولێر - 15-07-1996. لاپەرە: 1

1996-10-09 هێرشی هێزەکانی ینك بۆسەر پدك لە نێوچەی قەڵادزێ، کە زیانێکی زۆریان لە پدك دا. (6440)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995.

1996-10-19 گیرانی بەشی باکووری ڕانیە لەلایەن پدك. (6457)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1996-10-20 گیرانی ڕانیە و دۆڵی خەلەکان لەلایەن پدك. هەواڵەکان واڕادەگەیەنن، کە لە نێوچەی خەلەکاندا، هەردوولا 100 کەسیان لەیەکتری کوشتووە. (6458)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1997-03-00 کۆتایی ئەم مانگە: یەکێتی هەڵستا بە گرتنی ئەو مامۆستایانەی کە هەواداری پارتین لە هەردوو شاری ڕانیە و قەڵادزێدا. (6552)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995.

2001-05-21 کۆچی دوایی شازاد سائیب، ئەندامی بەرزی ینك و وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری لە کابینەی ینك بەڕووداوی ئۆتۆمۆبیل لە نێوان ڕانیە و سلێمانیدا. (6973)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2001-06-07 دۆزینەوەی جۆرە مینێکی سەیر لە ناوچەی بیتوێنی ڕانیە کە د.ق لەکاتی جەنگی ئێران - ئێراقدا چاندوویەتی، ئەم جۆرە مینە تاوەکو ئێستا لەلایەن ڕێکخراوی دەرهێنانەوەی مینی کوردستانەوە جۆرەکەی نەزانراوە. (6986)

2001-11-07 کۆچی دوایی کچێك لە گەڕەکی ئازادیی شاری ڕانیە، نێوبراو لە گەرماوێکدا سووتابوو. (7186)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی 19-11-2001
سەرچاوەی 2, تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆرش قادر لە هۆڵندا

2002-06-00 ئەم مانگە: کورژرانی 2 کورد و خنکانی 2ی تر لە کەنارەکانی ئیتالیا، ئەمانە دەیانویست بگەنە خۆرهەڵاتی ئەوروپا. کوڕژاوەکان ناویان نەوزاد ئەحمەد ڕەسوڵ تەمەن 19 ساڵ و محەمەد قادر ڕەسوڵ 21 ساڵ و خەڵکی گوندی بێگەڵووی ناوچەی قەڵادزێن. (7272)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2002-10-11 تەقینەوەی دوو بۆمب لە نزیك ماڵی د. عوسمانی ئەندامی سەرکردایەتیی هێزی باڵەکی یەکێتی لە شاری ڕانیە و بووە هۆی بریندارکردنی چەند کەسێك. بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاسایشی یەکێتی ئەم بۆمبانە لەلایەن چەند کەسانێکی شارەزاوە دانراون. (7399)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-00 کۆتایی ئەم مانگە: لە هەردوو شارۆچکەی سۆران و ڕانیە چەند ئەندامێکی پارتی و یەکێتی لەلایەن یەکترییەوە بە تاوانی جیاواز گیران. (8570)

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-28 شاندێکی ئەمریکی لەگەڵ سەرکردایەتی PKK (کۆنگرەی گەل) پێکەوە دانیشتن و کۆبوونەوە. شاندی ئەمریکییەکان کەبە سێ هەلیکۆپتەر لەبناری قەندیل نیشتنەوە لەناوچەی (رەزگە و مارەدوو)ی سەر بەقەڵادزێ لەگەڵ سەرکردایەتی PKK کۆبوونەوە. بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار ئەوە سێیەمین جارە کۆبوونەوە لەنێوان ئەمریکییەکان و سەرکردایەتی PKK دا ئەنجامدەدرێت. (8794)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: میدیا - ژمارە 177 - 30-12-2004.

2005-03-00 ناوەڕاستی ئەم مانگە: لە شارەدێی سەروچاوەی سەربە ڕانیە، نزیکەی 600 کەسێك تووشی نەخۆشییەك بوون کە وەك پەتا وایە و لە کولێرا دەچێت، شایانی باسە نەخۆشخانەکانی ناوچەکە نەیانتوانی بەربەم نەخۆشییە بگرن و لە کاتی خۆیدا چارەسەری بکەن. (9165)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-04-18 کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی لە دوکان، لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری ئەوەدرا کە پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی 14-04 لەیادی بۆردومانی قەڵادزێ یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام بدات. (9231)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

***ئەم دۆکومێنتە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەی هاوڕێنامەوە درووستکراوە**
***ڕۆژ و کاتی دروستکردن: 01-05-2005 12:13:28**
***هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد**
***ڤێرشنی: 1.2.4**
***دانانی: هاوڕێ باخەوان**

**http://www.bakhawan.com**
**hawreh@bakhawan.com**